

# تاوانێک لە نووسینگەی کۆمپانیایەکدا ئەنجامدرا

* دەمێک بوو کچە لە بەردەم دەرگا راوەستابوو چاوەڕێی فەرمووی دەکرد، کەچی ئەوەی بەرامبەری دەمی بیووە تەڵەی تەقیوو هیچی پێنەدەگوترا

(بەڵێن) دوای دوو ساڵ لە تەواوکردنی کۆلیژ، بەخت یاوەری بوو توانـــی لە کۆمپانیایەك دابمەزرێت و کاری ژمێریای وەربگرێت، بۆ خۆی کەســێکی زیرەك و لە بوارەکەی خۆیدا بە توانا و سەلیقەبوو، خۆشـــی هەمیشـــە حەزی بە ئیشـــکردن و کۆشـــش کردن بوو لە ئیشکردندا، بۆیە بە ماوەی ساڵێك کرا بە بەرپرسی بەشەکەی خۆی، وایلێهات زۆربەی جاران لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە بوو، هەروەها دەســـەڵاتێکی کارگێڕی زۆریشی پێدابوو، دوای ئەوەی کە زانی زوو پێشـــدەکەوێ و لە کاتی پێویستیدا بڕیاری دروستدەدات، کـــردی بـــە بەڕێوەبەری بەشـــێکی کۆمپانیاکە، ئەو بەشـــەی کە پەیوەندی بە لایەنی ژمێریاری کۆمپانیاکەوە هەبوو، ئیتر وردە وردە باری دارایشی گۆڕانی بەسەرداهات و بەتەواوەتی بوژایەوە و توانی ئۆتۆمبێلێك و خانوویەکی بچکولەش بۆ خۆی بکڕێت، ئەو ژیانێکی ئـــارام دەژیا و جار جارەش بیری لـــە ژنهێنان دەکردەوە، بەڵام تا ئەو ساتیش نەیکردبووە راســـتی، لە ئەنجامی کارێکی تازەی کۆمپانیا پێویستیان بە پڕکردنەوەی چەند شوێنێك هەبوو کە تەنیا بۆ رەگەزی مێ دیاریکرابوو، ئەوەبوو رێکلامیان لەیەك دوو رۆژنامە بڵاوکردەوە و رۆژی چاوپێکەوتنیشیان دیاریکردبوو.

لەم کارەدا ( بەڵێن) خۆی سەرپشك کرابوو کێ هەڵبژێرێ و بڕی مووچەکە و شوێنەکەی و کاتی کارکردنی دابنێت، ئەوان(٦) کەسیان دەویســـت کەچی پتر لە (٣٠) کەس داوکاریان پێشکەش کردبوو... لەو(٣٠) کەسە نزیکەی(٢٠) کەسیان بەڕێ کرد و ئەوەی مابوونەوە مەرجی وەرگرتنیان تێدابوو، بەڵام دەبوو لە نێو خۆیاندا پێشـــبڕکێ بکـــەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، بەشـــەکەش تایبەت بوو بـــە بواری کۆمپیوتەر کە دەبوو باشـــیان لێبزانیبایە، یەکە بە یەکە چاوپێکەوتن کران، تا نۆرە گەیشتە هەشتەمین کەس کە کچێك بوو بە ناوی (پڕشنگ) ، کاتێك بۆ چاوپێکەوتن هاتە ژوورەوە،(بەڵێن) کە بەخۆی چاوپێکەوتنی دەکردن بـــۆ ئەوەی دڵنیابێت لە توانای ئەوانەی کە ئەو کارەیان پێدەسپێردرێت و دادەمەزرێن، کاتێك چاوی بەو کچە کەوت، یەکسەر حەپەساو تووشی شۆك بوو، دەمێك بوو کچە لە بەردەم دەرگا راوەستا بوو چاوەڕێی فەرمووی دەکرد لێیبکرێ، کەچی ئەوەی بەرامبەری دەمی ببـــووە تەڵەی تەقیو هیچی پێنەدەگوترا، چاوی تێبڕی بوو سەیری دەکرد، فەرمانبەرەکەی تەنیشتی هەستی پێکـــرد و پێیەکی لە پێی ناو و ئاگاداری کـــردەوە، ئەویش هاتەوە سەرەخۆ، بەڵام گۆڕانێکی راستەقینە بەسەرو سیمای (بەڵێن) داهات

و وەکو گوڵێك کە تێر ئاو درابێ و گەش بووبێتەوە، ئاوا گەش بۆوە، هەندێ پرسیاری ئاسایی و سەر پێی لە کچەکە کرد و ناوی نووسی بۆ دامەزراندنی، بەڵام پێشی گوت، کە نەڕوات، دوای تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکان بمێنێتەوە دەیەوێ لە رووی کردارەکییەوە تاقی بکاتەوە، ئەوەبوو کاری چاوپێکەوتنەکانی بە زووترین کات تەواو کرد و کارمەندەکانی تری ئیزندا کە بچنەوە سەر کاری خۆیان و کچەکەشی بانگی ژوورەکەی خۆی کرد.

لەگەڵی دانیشت و پرسیاری خێزانەکەی و ئەندامانی خێزانەکەی لێکرد و تێگەیشتن کە مێردی نەکردووە و جارێ پرۆژەی هاوسەرێتی لە خەیاڵدا نییە، ئەو زانیارییانە هێندەی دیکە دڵی (بەڵێن)ی خۆشکرد، جۆری پرسیارەکان و شێوەی چاوتێبڕینی (بەڵێن) وای لە کچەکە کرد کە لە نیازی (بەڵێن) بگات، بۆیە ئیتر بە پارێزەوە وەڵامی دەدایەوە و سەری هەڵدەبڕی، نزیکەی نیو کاتژمێر لەگەڵ کچە دانیشت و ئەویش داوای بەخشینی کرد ئەگەر کاری پێ نییە ئەو دەبێ بچێتە ماڵەوە و ئەرکی سەرشانی هەیە ئەو رۆژە(بەڵێن) خەریکبوو لە خۆشیان باڵ بگرێت، نەیدەزانی چی بڵێت و چی بکات... دەیویست تا زووە ئەو کچە بکاتە موڵکی خۆی، بەهەر چەشنێك بێت بۆ خۆی بێت، خشتەی کارکردن و کاتی دەست کردن بە ئیش ئەوها بوو دەبوو دوای سێ رۆژی تر دەست بەکاربکات، ئەو سێ رۆژە بۆ (بەڵێن) ببووە سێ ساڵ، تا سێ رۆژەکە بەسەرچوو خەریکبوو شەق ببات، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو... رۆژی دەستبەرکاربوونی ئەو کارمەندە تازانە دەستیپێکرد و ئەویش چاوەڕێی هاتنی (پڕشنگی) دەکرد کە هات یەکسەر بانگی کردە لای خۆی و لە ئۆفیسی خۆی بوو کاری پێدا، ئەو رۆژە بۆ بەڵێن کورتترین و خێراترین رۆژ، تەنیا بە زمانی گوڵ و دڵ دەدوا، قسە خۆش، رووخۆش، گەشبین، بە زەوق و سەلیقەتر بوو(پڕشنگ) زانی خۆشی ویستووە، بەڵام ئایا نیاز و مەبەستی چییە و کۆتاییەکەی بەچی دەگات نەیدەزانی هەفتەیەکی پێنەچوو پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان ئەو دووانە دروستبوو، بەڵام هەر زوو دوای هەفتەکە(پڕشنگ) هەستی بە جۆرە دڵپیسییەك کرد کە (بەڵێن) هەیەتی، لە راستیدا تۆزێك نیگەرانی کرد، بەڵام هی ئەوە نەبوو لێی بترسێت.

خۆشەویستی ئەو دووانە رۆژ بە رۆژ زیاتر و زیاتر دەبوو، جوانییەکەی (پڕشنگ)یش رۆژ بە رۆژ دەدرەوشایەوە و زیاتر دەبوو(پڕشنگ) تازە پێی نابووە(٢٣) ساڵی و(بەڵێن)یش لە (٢٩) ساڵیدا بوو، ئەوانە بوونە دوو دڵدار و لەمیانەی دوو مانگی پەیوەندییدا هەموو کارمەندەکان زانیان و تێگەیشتن کە پەیوەندییەکەیان بە زەماوەند کۆتایی پێدێت و(بەڵێن) دەچێتە خوازبێنی (پڕشنگ).. بەڵام ئەوەی کە ئەو پەیوەندییەی شڵەقاند هاتنی بەڕێوەبەرێکی دیکەی بەشێکی دیکەی کۆمپانیایەکە بوو بۆ ئەو بەشەی کە(بەڵێن) تیایدا بەڕێوەبەر بوو، ئەویش چاوی بڕیە(پڕشنگ) و دوور بە دووری سەرنجی دەدایێ، (بەڵێن) هەر زوو هەستی بەمەکرد، بۆیە زۆر زوو پەیوەندی نێوان(بەڵێن) و ئەو بەڕێوەبەرە تازەیە تێکچوو ، ململانێ و جۆرە هەستیارییەکی زەق لە نێوانیاندا دروستبوو... تا وایلێهات کێشەیان بۆ یەك دروست دەکرد، یەکێ لەو کێشانەش بەڕێوەبەرە تازەکە داوای (پڕشنگ)ی دەکرد، بچێتە بەشەکەی و(بەڵێن) یش قبوڵی نەدەکرد.

یەك دووجار لەگەڵ یەك تێك گیربوون، کێشەکە گەیشتەوە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیا و ئەویش بە وردی لە مەسەلەکەی کۆڵییەوە لەگەڵ (بەڵێن) و پڕشنگ) دانیشت و پێیانی گوت ئەگەر بەڕاستی یەکتریان خۆشدەوێت پێویستە بڕیار بدەن کە بچنە ناو ژیانی هاوسەرێتییەوە و کۆتایی بەم کێشەیە بێنن، ئەگەر نا دەبێ دەستبەرداری کێشەکەیان بن، ئەوەبوو هەردوولا(بەڵێن و پڕشنگ) بڕیاری یەکلایی کەرەوەیاندا کە زەماوەند بکەن و(بەڵێن) بچێتە خوازبێنی و داوای دەستی (پڕشنگ)بکات،.. پاش هەفتەیەك (بەڵێن) و(پڕشنگ)ی مارەکرد .. بەڵام ناکۆکی نێوان(بەڵێن) و ئەو بەڕێوەبەرە تازەیە هەر کۆتایی پێنەهات، هەر چەندە ناکۆکییەکە کەمتر ببۆوە، پاش مارەکردن هەردوولا خۆیان بۆ رۆژی زەماوەند ئامادەکرد و رۆژەکەیان دیاریکرد و زەماوەندییان گێڕا.

## دوای بەهاوسەربوون

کە زەماوەندییان کرد و بوونە هاوسەری یەکتر دوو هەفتە پشوویان وەرگرت، پاش دوو هەفتەکە گەڕانەوە سەرکار، بەڵام نێوان(بەڵێن) و بەڕێوەبەرە تازەکە هەر ناخۆش و هەستیار بوو(بەڵێن) وا تێدەگەیشت کە بەڕێوەبەرە تازەکە هێشتا لە خەیاڵی خۆیدا دەستبەرداری (پڕشنگ) نەبووە، بۆیە هەر پەیوەندییەکی بە بەشکەی (بەڵێن) بکردایە شێتگیر دەبوو، کە بەڕێوەبەرە تازەکە هەستی بەمەکرد، زانی کابرایەکی لە رادەبەدەر گومڕەش و هەستیارە و زۆریش لەسەر خێزانەکەی خۆی، وەك دەڵێن دەلەزرێت، ناچار هەوڵی دا لە (بەڵێن) بگەیەنێت کە ئەو هیچی بەرامبەر ئەوان بەتایبەتیش بەرامبەر بە (پڕشنگ) نییە و ئەو(غیرە) و گومڕەشییەی بێ بنەمایە و ناماقووڵە، بۆیە رۆژێك خۆی چووە ئۆفیسەکەی (بەڵێن) و زۆری هەوڵدا کە لە(بەڵێن) بگەیەنێ باواز لەو ململانێیە بێنێ و ئەو هیچ نیاز و مەبەستێکی نییە، بەڵام(بەڵێن) گوێی لێنەگرت و دەرگای گفتوگۆی لێنەکردەوە، ئەویش بەنا دڵی چووە دەرەوە و نەشیتوانی ئەوەی دەیویست پێیڕابگەیەنێ، چەند رۆژێکی پێچوو، ئەو جارەش چۆوە ئۆفیسەکەی (بەڵێن) بەڵام ئەمجارەیان(بەڵێن) لەوێ نەبوو،بەڵکو(پڕشنگ) خۆی لەوێ بوو، دوای سڵاوکردن باسەکەی لەگەڵ (پڕشنگ) کردەوە و تێیگەیاند کە ئەو هیچ نیازێکی خراپی لە دڵدا نییە بەرامبەر بەوان، ئەوان لەو قسانەدابوون کە لە ناکاو(بەڵێن)، بەژوورکەوت کە چاوی پێکەوتن دانیشتوون ، ئاگر لە چاوەکانی بارین و هەناسە بڕکێ گرتی و شێت و هار بوو، یەکسەر تاوی دایە و کەوتە سەروگێلاکی بەلێدان ، ئەویش هەر هاواری دەکرد رابووەستێ مەسەلەکەی تێبگەیەنێ، کەڵکی نەبوو، لە پڕ(بەڵێن) ئاسنێکی تیژی کەوتە دەست، رایوەشاند و لە تەختی نێوچەوانی بەڕێوەبەرە تازەکەی دا و دەموودەست کوشتی ئیدی کار لە کارترازا و کارەساتێکی گەورەی خوڵقاند، کە هاتەوە سەرەخۆ لەگەڵ دەنگ و هەرای (پڕشنگ) بەهۆش خۆی هاتەوە کە چ تاوانێکی گەورەی کرد، بێ ئەوەی دەرفەت بدات گوێ لە قسەی کەس بگرێت، تازە هات و هاوار سوودی نییە،(بەڵێن) دەستگیرکراو دوای دادگاییەکی چەند مانگی دادگا(٣) ساڵ زیندانی بۆ بڕیەوە، ئەوە جگە لەوەی ناچاربوو خانووەکەش هەڕاج بکات بۆ ئەوەی بە پارەکەی مەسڵەتی لەگەڵ ماڵی باوکی بەڕێوبەرە تازەکە بکات.

●●●

**تووڕەبوون و دڵپیسی مرۆڤ دەخەنە حاڵەتێکی ناسرووشتییەوە، حاڵەتێک مرۆڤ عەقڵی لەدەست دەدا و ناتوانێ دروست بیربکاتەوە، بۆیە زۆر پێویستە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان خۆمان لەو حاڵەتانە وەدووربگرین یان هەوڵی خۆکۆنترۆڵکردن بدەین**

●●●

# کاتێک تاوانبار شایەنی

هەم لە تاو شکانی سەرو برۆم، هەمیش لە داخی قسەکانی دایکم، دەستم بەگریانێکی بێ دەنگ و بەهەسنک کرد،

## لەناو بەندیخانە بەچاوی پڕگریانەوە

(بایز) گەنجێکی (٢٠) ساڵی و تازە لاوە، ئەو ئێستاکە ژیانی خۆی لە بەندیخانە بەسەر دەبات و لەگەڵ بەندییەکانی دیکە هەندێ کاری دەستی فێربووە و کارە دەستییەکانیشی بەو کەسانە دەفرۆشێت کە هەفتەی جارێك، دووجار سەردانی کەسە بەندکراوەکانیان دەکەن.

ئەو کە رۆژانی سەردان پێشتر دایکە پیرەکەی و ئێستاکەش خوشکەکانی سەردانی دەکەن، تا ئەوان دەڕۆن و بەجێی دێڵن، کۆڵێك دەگری و خەم و مەراق ئەو ساتانەی لێداگیر دەکەن و سەد جاران لێوی پەشیمانی دەکرۆژێ... لە بەندیخانە سەردانیمان کرد و لەگەڵی ئاخاوتین و رووداوی دەستگیرکردن و دواتریش حوکم دانی بەم شێوەیە بۆ گێڕاینەوە و گوتی: کە باوکم بە نەخۆشی مرد، من ژیانم هیچ بەهایەکی تێدا نەما، من تاقە کوڕی ماڵ و برای چوار خوشکان بووم، بابم زۆری بایەخ پێدەدام کە لە قوتابخانەش بووم هەمیشە چاودێری دەکردم و نەیدەهێشت بۆ یەك رۆژیش بێت لە خوێندنەکەم داببڕێم یان کەمتەرخەمی بکەم، تا گەیشتمە پۆلی دووەمی ناوەندی و کەوتمە قۆناغی هەرزەکاری، ئەو ماوەیەش باوکم دووچاری نەخۆشییەکی سەخت هات و منیش دەبوو چاودێریم بکردایە و شانبەشانی خوشکەکانم خزمەتیمان بکردایە، بەڵام کە باوکم پەکی کەوت کەس نەبوو ماڵ بەخێو بکات، ناچار دەبووم بەخۆم بچم کار بکەم هەم خێزانەکەم بەخێو بکەم و هەمیش پارە و خەرجی داو ودەرمانی باوکیشم دابین بکەم، ئەوە بوو بەرێکەوت ئیشێکی باشم لای بەڵێندەرێك دەستکەوت و کاری ژمێریاریم دەکرد، بەم ئیشەوە توانیم خەرجی ماڵەوە دابین بکەم، بەڵام باوکم دواتر پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو، نەشتەرگەرییەکەش پارەیەکی زۆر دەویست، بەخاوەنی کارەکەم گوت مووچەی چەند مانگێکم بەقەرز بداتێ و هەندێ پارەی تریشم هەر بەقەرز بداتێ باوکمی پێ عەمەلیات دەکەم، بەڵام ئەو سەد شێرو رێوی بۆ هێنامەوە و گوتی: ئەو پارەیەم نییە، کەچی لە راستیشدا ئەو پارەیە و زۆریش بەزیادەوەی لەلای من هەبوو، پزیشکەکان هەمیشە دەیانگوت تازووە بە فریای کەون، بۆیە وادەی نەشتەرگەریان بۆ داناین و ئەگەر لەو رۆژەدا پارەم ئامادە نەکردایە، وادەکەی دوادەخرا و ژیانی بەتەواوەتی دەکەوتە مەترسییەوە و ئەگەری زۆر هەبوو بمرێت، منیش زۆر لە خاوەن کارەکەم پاڕامەوە و تکام لێکرد، بەڵام ئەو دەیگووت من پێویستم بە پارەیە و مەحتەل دەبم، ناتوانم بتدەمێ و داوام لێمەکە، بیرم لەوە کردەوە ئەو پارانەی کە لامە بیبەم و بیدەمە پزیشکەکان و نەشتەرگەرییەکە بۆ باوکم بکەم، ئیتر ئەویش دواتر باهەر بەگرتنم بدات... ئەوە بوو پارەکەم برد و خۆم گەیاندە نەخۆشخانە ئەهلییەکە لای پزیشکەکەی و پارەکەم دا، ئەوانیش وادەی نەشتەرگەرییەکەیان بۆ رۆژی دواتر دانا تاوەکو پشکنینەکانی بۆ تەواو دەکەن، من لە نەخۆشخانە بووم لای باوکم کاتێکم زانی خاوەن کارەکەم(بەڵێندەرەکە) و رێپێدراوێك و سێ پۆلیس بە ژوورە کەوتنە کە باوکم لێی خەوێندرابوو، رێپێدراوەکە گوتی تۆ (بایز)ی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: هەستە وەرە بۆ بنکەی پۆلیس، گوتم بۆ؟ گوتی کارمان پێتە، باوکم پرسی چی بووە، بۆچی (بایز) دەبەن؟ رێپێدراوەکە گوتی کوڕت دزی کردووە و هەڵاتووە، بۆیە دەیگرین، بەڵێندەرەکەش رووی لە باوکم کرد و پێی گوت: بەخوا کوڕێکی چاکت پەروەردە کردووە، من بە خێری خۆم کارم پێدا و لای خۆم گلم دایەوە و حساب و کتابی هەموو ئیشەکانی خۆم پێدا، کەچی مەبلەغی حەوت هەزار دۆلاری لێدزیم و هەڵات، ئێستاش وا لای تۆ



ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

# سزاکەی نییە

دانیشتووە و قسەی گەورە دەکات... هەرچەند گوتم(بابە) وەڵڵا دزیم نەکردووە، من بێتاوانم باوکم رەنگی تێکچوو، چیتر نەیتوانی تەماشام بکات، ئەوکاتی کە پۆلیسەکان هاتبوونە ژوورەوە، باوکم هەڵسابۆوە دانیشتبوو، بەڵام کە دیمەنی دەستگیرکردنی منی بینی یەکسەر پاڵکەوتەوە و خۆی پێنەگیرا، بەڵام دوای بردنی من لەگۆکەوتبوو بۆیە کە دایکم چووبووە لای چەندی هەوڵی لەگەڵدا قسە بکات بێ سوود بوو، ئەوەبوو دواتر کارمەندانی نەخۆشخانەکە مەسەلەکەیان بۆ دایکم باس کردبوو، دایکیشم کە رووداوەکەی بیست دەستی کردبووە گریان و لە خۆدان، بەم کارەی وەزعی باوکمی هێندەی دیکە خراپتر کردبوو، پزیشکی نەشتەرگەر و پزیشکەکانی تر بەم نەزانیبوو، نەیانزانیبوو باوکم باری تەندروستییەکەی بەتایبەتی بارە دەروونییەکەی چەند تێکچووە، بۆیە بۆ بەیانی ئەوان لەسەر بەرنامەی خۆیان بوون و دەستیان کرد بە ئامادەکردنی بۆ نەشتەرگەری، بەڵام لەناو نەشتەرگەری هەستیان کرد کە پێشتر تووشی زەبری دەروونی بووە، ئەو زەبرە دەروونییەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر تەندروستییەکەی بەجێ هێشتبوو، بۆیە پاش نەشتەرگەرییەکە تووشی ماکی کوشندە هاتبوو، دوای دوو رۆژ بەهۆی تووشبوون بە شۆکی دەروونییەوە گیانی لەدەستدابوو.

### لەدادگا

ئینجا(بایز) بەسەرهاتی خۆیمان لەدادگادا بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کە دەستگیرکرام بردمیانە بنکەی پۆلیس و لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، رووداوەکە چۆن بوو ئەوهام گێڕایەوە، ئەوانیش بەتاوانی دزی لەقەڵەمیان داو رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەیان کردم و لەوێش هەمان قەسەم کردەوە، ئیتر رەوانەی بەندیخانەیان کردم و ئەوێ بووە نشینگەی هەمیشەییم.

من تەنیا خەفەتی دایکم و باوکم و خوشکەکانم بوو، باوکم دەبێ ئێستا وەزعی چۆ بێ، دایکم و خوشکەکانم چۆن خۆیان بەڕێوە دەبەن، چوار پێنج رۆژ بوو لە بەندیخانە بووم لە ناسیاوێکی خۆمانەوە هەواڵی مردنی باوکم زانی، دایکم و خوشکەکانم لەوێ کردبوویانە شین و شەپۆڕ، منیش لە بەندیخانە کردبوومە تازیە.

پاش دوو هەفتە دایکم و خوشکەکانم هاتنە سەردانم و، دایکم پێی گوتم: کوڕم بۆچی دزیت کرد، سەری ئێمەش و خۆشت لەقوڕنا، کە دایکم ئەو قسەیەی پێگوتم کزە لە جەرگم هەستا و چاوم پڕ گریان بوو، پێم گوت: دایە چما تۆش لەو بڕوایەی کە من دزیم کردبێ، دایکم گوتی: کوڕم باوکیشت بەو کەسەرە سەری نایەوە، ئەگەر تۆ ئەو شتەت نەکردبایە ئەویش بە خەفەتان نەدەمرد، کە دایکم ئەو قسەیەی کرد لەداخا سەری خۆم لە دیواری شیشبەندەکەی بەندیخانەدا کە نێوان بەندییەکان و ئەوانەی سەردانیان دەکەن جیا دەکاتەوە، خوێن لەسەر برۆم فیچقەی کرد ئەوانەی ئەوێندەر هەموو ئاوڕیان بۆلای من دایەوە و سەیری منیان کرد، دایکم زۆر شڵەژا و چارۆگەکەی لەملی کردەوە و لەسەر برینەکەی دانام، هەم لەبەر ئێشی شکانی سەر برۆم و هەمیش لەداخی ئەو قسەیەی دایکم دەستم بەگریانێکی بێدەنگ و بەهەنسك کرد، خوشکەکانم هاتنە پێشەوە و دایکمیان لادا، ئەوسا لەمەوە زانیم باوکیشم هەروای زانیبوو کە من بەڕاستی دزیم کردووە، ئەوسا کەسەری دڵم زۆرتر و گەورەتر بوو.

بەهەرحاڵ وردودرشتی مەسەلەکەم بۆ دایکم و خوشکەکانم باس کرد، ناسیاوێك بەدایکمی گوتبوو کە پارێزەرێکم بۆ بگرێت، ئەوەبوو ئەوانیش چووبوونە لای پارێزەرێك و ئەویش لە راهی خوا بەبێ پارە ئامادە ببوو بەرگریم لێبکات، دوایی زانیبووی کە بەڕاستی دزیم نەکردووە و کەسێکی دز نیم، لە دادگا زۆری هەوڵی بۆدام، بەڵام دادگاییکردنم نزیکەی سێ مانگ و نیوی خایاند تاوەکو بەدووساڵ حوکم درام.

وا ئێستا ساڵێك و نیوم بەسەربردووە و لەو ماوەیەش دایکیشم بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، ئێستا من وا راهاتووم لەناو بەندیخانە، بەڵام خەمی خوشکە جاحێڵەکانمە، نازانم چۆن بەڕێوە دەچن و هەمووشیان لە قوتابخانەن، کێ بەخێویان دەکات و چۆن خەرجی رۆژانە دەستەبەر دەکەن.

من لێرە هەندێك کار دەکەم و پارەکەیان بۆ رەوانە دەکەم، بەڵام نازانم چۆن دەتوانن پێی بژین.

هەرچەندە دڵنیام کە خوشکەکانم بەحەیا و حورمەتن، بەڵام پیاوی خراپ و کەسانی نەفس نزمیش زۆرن، زۆر ترسم هەیە، کەسانێك ئەو بارە نالەبارەیان بقۆزێتەوە و زیانیان پێبگەیەنێ، هەموو رۆژێ دوعا دەکەم تووشی هیچ شتێك نەیەن تا لەبەندیخانە دێمە دەرەوە، ئەوسا دڵم ئاسوودە دەبێ کەخۆم بەخێویان دەکەم، خوا بکات ئەو رۆژە زوو بێت، هەر چەندیشە خوشکەکانم دەناسم کە چاوتێر و رووسپین و لەگوڵ گوڵترن، بەڵام ئیتر ئەوە دنیایە، ئەوێ رۆژێ لە خوشکێکم زانیوە کە خوشکە گەورەکەم مەکینەیەکی دوورمانی بەقەرز کڕیوە و کاری دوورمانی دەکات، بریا زوو دەهاتمە دەرەوە، قەرەبووی ئەو زوڵمەم بکردایەتەوە کە لێمکرا.

### قسەیەکی پێویست

(بایز) وەك زۆرانی تر قوربانی جەبری ئەو کۆمەڵگەیەیە و ئەو پێویستییەکی زۆر وایلێکرد بڕیاری ئەوە بدات کە ئەو پارەیەی لە حساباتی خاوەن کارەکەی لایە، لە چارەسەرکردن و خەرجی نەشتەرگەری باوکی سەرف بکات، راستییەکەی ئوباڵی بەشێکی زۆری ئەو ئێش و ئازارەی کە(بایز) دووچاری بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە نەخۆشخانە حکومییەکان نەشتەرگەری ناکەن و لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بە پارەیەکی خەیاڵی ئەو نەشتەرگەریانە دەکەن... لەو نەخۆشخانە ئەهلیانە پزیشك هەمان پزیشك و ئامێر و نەخۆشخانەش هیچی لەوەی حکومەت جیاوازتر نییە، بەڵام چونکە قازانجێکی مادی لەوەدا هەیە بۆیە بازرگانی بە ئێش و نەخۆشی خەڵکانێك دەکەن کە پێویستییەکی زۆریان بە چارەسەری نەشتەرگەرییە، ئەگەر ئەو پزیشکانە لە نەخۆشخانە حکومییەکان ئەو نەشتەرگەریانە بکەن، دیارە کەسێکی وەك(بایز)یش ناچار نەدەبوو بۆ رزگارکردنی ژیانی باوکی، کە باوکێکی دڵسۆز و زۆر بە بەزەیی بووە بۆی، ئەوکارەی بکردایە.

بە هەرحاڵ هەندێ جار یاساش یاسایەکی کوێر و دڵڕەقە و حوکمی توند و سزای قورس بەسەر کەسانێکدا دەسەپێنێ کە شایەنی ئەو سزا قورسە نین.

بایز وەک زۆرانی دیکە قوربانی زوڵم و جەبری کۆمەڵگەیە، ئەگەر ئەو پزیشکانە لە نەخۆشخانە حکومییەکان نەشتەرگەری لەو جۆرە بۆ نەخۆشەکان بکەن، ئەوا کەسێکی وەک بایزیش ناچار نابێ پەنا بۆ کاری ئاوها ببات، بەهەرحاڵ هەندێ جار یاساش زۆر دڵڕەقە و سزای توند بەسەر کەسانێک دەسەپێنێ کە شایانی ئەو سزایە قورسە نین



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ئەو ئافرەتەی بەسەر تاوانەوە گیرا

پێش نیوەڕۆ بوو کە (هۆگر) مۆڵەتی کاتژمێرێکی لە فەرمانگەکەی وەرگرت و بەرەو ماڵەوە رۆیشت، ئەو رۆژە دەبوو هۆگر ناسنامەکەی لەگەڵ خۆی ببردبایە بۆ فەرمانەگە، چونکە بەشی کارگێڕی فەرمانگەکەی داوایان لێکردبوو، ئەویش لەگیرفانی کراسێکی تری بەجێهێشتبوو، بۆیە ناچار بوو مۆڵەت وەربگرێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە، کە گەیشتە نزیك دەرگای ماڵەوە، دەرگاکەی کردەوەو یەك دوو هەنگاوی هاویشت و گوێی لەدەنگی ژن و پیاوێك بوو، وەك ئەوەی بلێی خەریکی کاری سەرجێی بن، بە ئەسپایی نزیکبۆوە، گوێی بەجوانی لەدەنگەکان راگرت،سەرەتا بڕوای نەکرد کە یەکێك لە دەنگەکان هی خێزانەکەی بێت، دوای دڵنیابوو لەوەی کە ئەوە دەنگی خێزانیەتی، بەڵام ئەدی ئەو دەنگە گڕە نێرانەیە هی کێیە؟ یەك دوو قۆناغی تر چووە پێشەوە و دەرگاکەی بەنەرمی و هێواشی پاڵداو سووچێکی کردەوە خەریکبوو شێت دەبوو، رەنگ و رووخساری گۆڕا، ترپەی دڵی زیاتر بوو، لێشاوێك لە کەف و کوڵی توڕەیی بەنێو دەمارەکانیدا رەتبوو، بڕوای نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ راستە، چۆن وادەبێ، ئەوە سیانزە ساڵە ژنیەتی و چوار منداڵی لێی هەیە، شەوو رۆژ راکەراکەیەتی بۆ ئەو خێزانە، کەچی ئەویش وا لەباوەشی پیاوێکی ترەو خەریکی هەوەسبازییە، ساتێك راماو شریتی هاوسەرێتی ئەو سیانزە ساڵەی وەك فلیمێکی سینەمایی بە بەرچاویدا گوزەری کرد و ئاهێکی زۆر خەفەتبارانەی لەدەم هاتە دەرەوەو بڕیاری خۆیدا، لە پڕ دەرگاکەی کردەوە هەردووکیان بە نیمچە لەشی رووتەوە کە لەوپەڕی قاقای پێکەنین و تریقانەوەو خۆشی و لەزەت دابوون، وەك دوو ماری ئاشق و مەئشوق تێکئالابوون، هیچ حسابێکیان بۆ سەرەنجامی ئەو کارەیان نەکردبوو، دەرگای حەوشەیان لەبیرکردبوو دابخەن، دەرگای ئەو ژوورەشی کە لێی بوون، هەر تەنها داخرابوو، بێ ئەوەی قفڵی بدەن لەناو ئەو خۆشییەدابوون کە لەناکاو دەرگاکەیان لێ کرایەوەو ئاوڕێکیان بەلای دەرگاکە دایەوە، ئیتر هەردووکیان، سیمایەکی تاڵی تێکەڵ بە پاڕانەوەو هەستکردن بەگوناه و تاوان و پەشیمان بوونەوەلەچاویان دەرکەوت و وەك بروسکە نیشتە سەر رووخساریان و هەرچی پێکەنین و خۆشی و تریقانەوە هەبوو، کەپێش ساتێك نوقمی ببوون، هەموو بوونە هەڵم و نەمان، هۆگر پەلاماری کابرای داو وەك گورگێکی بریندارو هارو دڕ تاوی دایە کابرا، بەمست و بە چڕنووك و بەشەق، بەهەرچی لەتوانای لەشیدابوو، لێیدا، تا دەستی لە قورگی گیرکرد بیخنکێنێ، بەهەردوو دەستەکانی توووند قورگی گرت و کوشی، کابرا رەنگی سپی بوو، چاوی دەرپەڕین و ئەبڵق بوون، دەتگوت ئێستا نا ئێستا دەتەقن، ژنەکەی کەزانی کابرا خەریکە دەمرێت کراسەکەی بە پەلە خستە بەرخۆی و پاڵێکی بەمێردەکەیەوە ناو بەریدایەوە، بەو پاڵنان و بەردانەوەیە کابرا لەژێر دەستی دەرهات و ئەویش دەستی لە هەوکی بەربووە ئینجا ژنەکە رایکردە دەرەوەو خۆی گەیاندە کۆڵانەکەیان و هاواری دەرو دراوسێیانی کرد، بەپەلە یەك دووپیاوی گەڕەك بەهانایەوە چوون و لێیان پرسی چی بووە؟ ئەویش گوتی هۆگر لە ژوورەوەیەو خەریکە کابرایەك دەخنکێنێ، یەکێك لەو پیاوانەی گەڕەك کە دراوسێی ماڵی هۆگر بوو، ناوی ئەحمەد بوو، ئەحمەد و پیاوێکی تری کۆڵان تاویان دایە ژوورەوە دواتر چی بوو، چی

ڕوویدا، با ئەحمەد خۆی ئەو ســاتانەمان بۆ بگێڕێتەوەو لەزاری ئەویشەوە بزانین دواتر کێشەکە بەچی گەیشت.... ئەحمەد بۆی باسکردین و گوتی: کە ئێمە چووینە ژوورەوە، هۆگر پڕی دەدایە کابرا کە ئێمە نەماندەناســی کێیــە!! چونکە هی گەڕەك نەبوو، ئیتر بەمست لێیدەدا بە پێلەقەو بەهەرچی بۆیکرابایەو بکەوتایەتە بەردەســتی پیایدەکێشــا، پەرداخێك لەو ناوە بوو دیاربوو هۆگر بەو لەســەری کابرای دابوو، بۆیە هەم ســەری کابرا شــکابوو، کــە خوێنی لێدەچۆڕا هەمیش پەرداخەکە شــکابوو، کابرا تەنها دەرپێیەکی لەبەربوو، جلکانی دیکەی لەنزیك پەنجەرەی ژوورەکە کەوتبوو هەر چۆنێك بوو کابرامان لەژێردەستی هۆگر دەرهێنا، چ هۆگر و چ کابراش هەردووکیان شەلاڵی ئارەقە ببوون، هەناسەیان ســوار ببوو، کابــرا زارترەك ببوو، ڕەنگی لەبــەر نەماوبوو، خوا خوای فریاد ڕەسێك بوو لەو مردنە مسۆگەرەی ڕزگاری بکات، بەهەر جۆرێك بوو کابرامان لەژێردەستی دەرهێنا، هۆگر هاواری لێکردین کە ئازادی نەکەین، چونکە ئەو نایەوێ ئەگەر بەخۆشی نەیتوانی بیکوژێت وەها بەئاسانی لەدەستی دەربازی ببێت، هیچ نەبێ دەبێ دەســتگیر بکرێت، بۆیە داوای لێکردین کە پەیوەندی بەپۆلیســەوە بکەین، ئێمەش لەســەر قســەی خــۆی کابرامان لەســووچێك ڕاگرت و یەکێکیشمان پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد و دوای ماوەیەکی کورت ئۆتۆمبێلی پۆلیس گەیشــتن کابراو ژنی هۆگرمان ڕادەســتیان کردو هۆگریش بە ئۆتۆمبێلێکی تاکســی بەدوایاندا ڕۆیشت، ئێمەش وەکو دراوسێیەکی دەرگای ژوورەکانمان داخســت و دەرگای حەوشەشمان شیشدا، پرسیاری منداڵەکانمان کرد، دیار بوو یەکێ لەدراوسێیەکانمان گوتی لەگەڵ منداڵەکانی من چوونەتە قوتابخانەو ئەمڕۆ دەوامی بەیانینن، دوای نزیکەی کاتژمێرێك من و حەمەسووری دراوسێ بۆ بنکەی پۆلیس بانگ کراین، دیار بوو هۆگر ســکاڵای لــەدژی تۆمار کردبووین و ئێمەشی کردبووە گەواهیدەری ڕووداوەکە .

## گەواهیدانەکەمان چۆن بوو؟

ئەحمەد بەردەوام دەبێ لەســەر گێڕانەوەی ئەو کێشــەیەو دەڵێ: کــە ئێمەیان بانگ کرد، دیار بوو پێشــتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ژنەکــە و کابرا کردبوو، هۆگر لە گوفتاری خۆیدا گوتبووی کە هەردووکانی لەسەر جێگە بەرووتی بینیوە و خەریکی هەوەسبازی بوونە، ئێمەشــی کردبووە شایەتی ئەو ڕووداوە، لەڕاستیدا ئێمە ژن و پیاوەکەمان پێکەوە بە ڕووتــی بینیبوو، بەڵام دیتمان ژنەکەی هاتبــووە کۆڵان و هاواری لێکردیــن بگەینە مێردەکەی خەریکە پیاوێك دەخنکێنــێ، ژنکەی ڕووت نەبوو، بەڵام تەواو شــپرزە دیــار بوو، کەچی ئێمە چووینــە ژوورەوە کابرا تەنها دەرپێیەکی لەبەردابوو، هۆگریش خەریکی لێدانی بوو، شــایەتییەکەی ئێمە وەرگیراو ڕۆیشتین.

پاشــان دوای دوو کاتژمێرێکی دیکە هۆگــر لەبنکەی پۆلیس هاتەوە، لێی چووینە پێش و لێمان پرســی چی بوو مەســەلەکە بەچی گەیشت..؟

گوتی: کە گوفتاری منیان وەرگرت هی ئەوانیشــیان وەرگرت، ژنەکەم گوتی ئەوەی کردوومە ڕاســتە هەڵەبووە، بەڵام ئەم کوڕەم خۆشــدەوێ و لەو پێناوەشدا ئامادەم باجی هەڵەکەشم بدەم، بەڵام کابرا ســەرەتا نکوڵی لێکردبوو، دیــارە لێکۆڵەرەوەکە زیرەك بووە، توانیویەتی قەناعەتی پێبکات دان بە ڕاســتی ڕووداوەکە دابنێ و گوتوویەتی: من دوکانی کەمالیات و کەرەســتەی جوانکاری ئافرەتانم هەیە، نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا ئەو ژنە هاتە دوکانەکەم و هەندێ ســۆراوو بۆنی کڕی و پارەکەیدا، دوو سێ ڕۆژی تر دیسان هاتەوە، ئەو جارە هەندێ شتی گران بەهای کڕی و نیوەی پارەکــەی داو نیوەکەی تر گوتی چەند ڕۆژێکی تر دەیدەم، ئیتر بەو شــێوەیە هەفتەی جارێك دووان دەهات و نزیکەی نیوکاتژمێر هەندێکجار کاتژمێرك و زیاتر دەمایەوە، ئینجا دەکەوتینە گفتوگۆن زانی کە من ژنم نییەو سەڵتم، باری داراییم باشە پەیوەندییەکەی لەگەڵم توندو تۆڵتر کرد، ئــەوە بوو هەندێکجار بەنیوەڕۆ دەهات کــە دوکانەکەم چۆڵ دەبوو منیش شــوێنێکی پەنام هەبوو، جار جــارە بۆ چەند خولەکێك بەتەنهــا دەچووینە ئەو پەنایە ئیتر بەو شــێوەیە پەیوەندییەکەمان پەرەی ســەند و چەند جارێك لەماڵی خۆیــان ژوانی بۆ دادەنام و منیش دەچوومە ماڵیان، بۆچی ئەو پەیوەندییەمان دروســت بوو؟ ڕاستییەکەی هەردووکمان یەکترمان خۆشدەوێت و ئامادەشم ئەگەر مێردی تەڵاقی بدات بیخوازم، ئەوە بوو تا ئەو ڕۆژەی کە بەســەریەکەوە لەماڵی خۆیان گیران، ئێمە هەر بەردەوام بووین لەگەڵ یەك ڕاستی پەیوەندییەکەمان ئەوە بوو بۆیە ئەگەر سزاش بدرێم بەندیش بکرێم من ئەو ژنەم هەر دەوێت و هەر دەشیخوازم بەو مەرجەی مێردەکەی تەڵاقی بدات.

## بڕیاری تەڵاقدان و بەندکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ

ئەحمەد دەرەنجامی کێشــەکەمان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێك لێکۆڵینەوە تەواو بوو دۆسییەی کێشەکە ڕەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، ئەویش بڕیاری بەندکردنی کاتی هەردووکیانیــدا تا لێکۆڵینەوە تــەواو دەبێ، دوای نزیکەی ٣ مانگێــك ڕەوانەی دادگای کەتن کران و دادوەری ئەو دادگایە هەردووکیانی بەدوو ســاڵ بەندکردن سزا داو هەموو مافێکی شارستانی و هاوسەرێتیشی بۆ هۆگر مسۆگەر کرد، کە بەدوو ســاڵ بەندکردن ســزا دران، هۆگر داوای لێکجیابوونەوەشــی لەدادگای باری کەســی تۆمارکــردو حوکی لێکجیابوونەوەی لەویش وەرگرت و هەر چوار منداڵەکەشی بۆ خۆی گێڕایەوەو لە هەموو مافێکیش کە ژنێك هەیەتی، دادگا بێبەشــی کرد، دوای ئــەوەی بەتەواوەتی لێکجابوونەوە، هێندەی نەبرد، هۆگر ژنێکی تری هێناو ئەو ژنەی هاتە سەر ماڵ و منداڵەکانیشی وەکو گوڵ بۆ بەخێو دەکردو سەرپەرشــتی دەکردن، بەڵام هۆگر هــەر وەك بەخۆی بۆی باس دەکردین هەر ســاتێکی ژیان لەو کۆڵانەو لــەو خانووەی کە تیایدایــە، مردنێکە بۆخۆی کابرا زۆر شــەرمی لەخۆی دەکردو زۆر بەســەرخۆیدا دەشکایەوە، بۆیــە بڕیاریدا کۆڵانەکە بەجێبهێڵێ هەرچەندە زۆرمان لەگەڵ هەوڵدا واز لەو بیرۆکەیە بێنێ، بەڵام هەر نەمانتوانی پەشیمانی بکەینەوە، بۆیە خانووەکەی فرۆشــت و سەری خۆی هەڵگرت، ئێستاش نەمانزانی چووە چ گەڕەکێك یان چ شارێك بەڕاستی کابرایەکی ســادەو دڵساف بوو، ژن و منداڵەکانی زۆر بەجوانی بەخێودەکرد، قەت نەشــمانزانیبوو، لەگــەڵ ژنەکەی ناکۆکی و ناخۆشــی هەبووبێ، بەڵام ژنەکەی بــۆ وایکرد، بۆ دوای چوار منداڵ و ســیانزە ساڵ ژن و مێردایەتی ئەو شتەی کرد، نازانم؟

●●●
هۆگر خەریک بوو شێت دەبوو، ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕا، ترپەی دڵی زیاتر بوو، لێشاوێک لەکەف و کوڵی توڕەیی بەناو دەمارەکانیدا ڕەتبوو، بڕوای نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ ڕاستە
●●●

●●●
دوای نزیکەی سێ مانگ ڕەوانەی دادگای کەتن کران و دادوەری ئەو دادگایە هەردووکیانی بەدوو ساڵ بەندکردن سزادا، هەموو مافێکی شارستانی و هاوسەرێتیشی بۆ هۆگر مسۆگەر کرد
●●●





تاکەی باج لەسەر مووچەو داهاتەکان دانانرێت، بۆ ئەو کەمئەندام و منداڵانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتین



سەرۆکی کۆمەڵەی ئۆتیزم: خێرخوازان و سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە خۆیان لە خزمەتی کۆمەڵگاکەیان دوورخستۆتەوە

# ئەو منداڵانەی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە لە چاوەڕوانی شکاندنی قفڵ و زنجیرەکانن

راپۆرت: شەماڵ نووری

دوای چوارساڵ خەوبینین بەوەی کوڕەکەم وەکو هەموو منداڵێکی تر بانگم بکات و پێم بڵێ دایکە، بەڵام ئەو خۆزگەو ئومێدەم نەهاتە دی و چی تر قسەم لەگەڵ ناکات و نازانێ ماچم بکات . ئەمە وتەی دایکێکە کە منداڵەکەی تووشی ئۆتیزم بووە،هەروەکو هەموو ئەو دایکانەی تر کە منداڵەکانیان ئۆتیزمی هەیە یاخود دووچاری بیرکۆڵی بوون و لەناو کۆمەڵگا دابڕاون، **خاتوو نەعام رەشید** کە تیرۆرست هاوسەرەکەیان لەساڵی ٢٠٠٦ لە موسڵ شەهید کرد، بە ناچاری کوڕەکەی لە ژوورە تاریکەکەیماڵیاندا توووند کردووە، تاوەکو منداڵانی گوندەکەیان ناوناتۆرەی لێ نەدۆزنەوەو گاڵتە بە کوڕە شەهیدێك نەکەن کە دووچاری ئەو نەخۆشییە بووە، ئەو منداڵە هیچ گوناهێکی نییە و هەر ئەویش قوربانی کۆمەڵگایەکە مافەکانی منداڵی تێدا نییە، هەربۆیە دەیان کەسی وەکو **خاتوو ڤیان** ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەر تاوەکو لە کۆمەڵگایەکدا کە ئێمە بە گاڵتەوە پێی دەڵێین ((بەهەشتی پەنابەران)) ئاوڕێك لە پەپوولە پاڵ شکاوەکەی کوڕی بدەنەوە چیتر ئەو منداڵە بیرکۆڵە دەرگاکانی بە زنجیرو قفڵ لەسەر دانەخرێت.لە کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە دایك و خێزانێکی تری دڵشکاو ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەرو ئەم تراژیدیایە بە هێمنی رۆژانە دووبارە دەبێتەوە .

تاکو ئێستا لە کوردستان سەنتەرێك نییە بۆ سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی ئەمجۆرە منداڵانە، بۆیە بە ناچاری بۆ چاودێریکردنی منداڵەکە یەکێك لە دایك و باوکەکە دەبنە بێکارو ئەو ئەرکە دەخەنە ئەستۆیان، ئەوەتا **بیجان ئەحمەد لە هەولێر** کەخاوەنی دوو منداڵی ئۆتیزمە و سەرقاڵی شوفێری تەکسی یە ناچار رۆژ نا رۆژێك کار دەکات، بۆ ئەوەی یارمەتی هاوسەرەکەی بدات لە بەخێوکردن و چاودێریکردنی ئەو دوو منداڵە، **خاتوو ئانا واکتمایستەر Anna Wachtmesiter کارا لە بواری کاروباری مرۆیی و ڕێکخەری مەیدانی لە ڕێکخراوی قەندیلی سویدی** پێی سەیرە لەم وڵاتە دەوڵەمەندەی نەوت

ملیۆنەها دۆلار بۆ رازاندنەوەی شەقامەکان و بەرزکردنەوەی بینایەکان خەرج دەکرێت، کەچی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی منداڵانی کەمئەندام زۆر لە دواوەن، موعاناتەکان لێرەدا کۆتایی نایەت بە تایبەت بۆ دایك و باوکێکی هەژار، چونکە منداڵێکی بیرکۆڵ یاخود ئۆتیزم سێ ئەوەندەی منداڵێکی ئاسایی خەرجی هەیە، ئەوان تاکو ئەمڕۆ مووچەیان نییە، لە کاتێکدا ئەو منداڵانە دەبێت چاودێری تەواو بە ژیانیان بدرێت، بە تایبەتی لایەنی گەشەکردنی عەقڵی و جەستەیی، **خاتوو ئاوات حوسێن** گەرچی خاوەنی بڕوانامەیە، بەڵام لەبەر خزمەتکردنی منداڵە نەخۆشەکەی نەیتوانی دابمەزرێت.

**مامۆستا غەفورساڵح** کە بەهۆی منداڵەکەیەوە وایلێهاتووە ناتوانێت سەردانی کەس بکات و کەسیش هاتوچۆی ماڵیان ناکەن،تا کار وایلێهاتووە باری دەروونی ئەو منداڵە خراپتر بووە.

## نەبوونی ئاماروزانیاری تەواوی کەمئەندامان نیشانەیەکە بۆ فەرامۆشکردن و بەپەراوێزکردنیان

چەند ساڵی رابردوودا بە پێی بارودۆخەکەو واقیعی تەندروستی و کۆمەڵایەتی کوردستان گرنگی بە توێژو کەسانی، وەکو کەمئەندامان و منداڵانی نەخۆشی عەقڵ و جەستەیی نەدراوە، کە هەندێك ئامار تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر بە پتر لە ٦٠ هەزار حاڵەتی ناو دەبەن، بێگومان یەکێك لەو کەموکورتییانەی لەم وڵاتەدا هەیە نە لە عێراق و نە لە کوردستان ئامارو ژمارەیەکی تەواوی کەمئەندامان نییە، کە هەموو رێکخراوە پەیوەندارەکانی ئەمبوارە بە ژمارەیەکی مەترسیدار دایدەنێن، **رەمزی یونس سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵەکانی کوردستان** کە ٣٠٠٠ ئەندامی بیرکۆڵی هەیە لە مەنغولی و شەلەل دەماغ پێی وایە ئەم ژمارەیە لە کوردستان بۆ ٦٠٠٠ بیرکوڵ دەچێت، لەبەر نەبوونی مووچەو گرنگیدان هەموو خێزانێك ناوی منداڵەکەیان ناونووس نەکردووە، ژمارەی بیرکۆڵەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە هەولێر زیاترە لە کاتێکدا تاکو ئێستا مووچەیان نییە، لە شاری هەولێر ٢٢٠٠ بیرکوڵ لە کۆمەڵەکە ناویان تۆمارکراوەو لە دهۆك ٥٥٠ ئەندام، لە کاتێکدا لە سلێمانی ٥٥٠ ئەندامیان هەیە، گەرچی لە سلێمانی پارەیەکی رەمزییان هەیە، بەڵام ئەمە بەپێی پێداویستی نەخۆشییە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان نییە،**رەشاد محەمەد سەرۆکی کۆمەڵی ئۆتیزم ASK** منداڵەکانی ئۆتیزم مووچەیان بۆ نەبڕاوەتەوە، گەرچی وەزیری تەندروستی رەزامەندی نیشانداوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە وەکو نەخۆشی (شلل دماغ ) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و مووچەیان هەبێت. **لە توێژینەوەیەکی خاتوو داڵیا دەشتی کە لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمەوە چاپ کراوە،** خاتوو داڵیا دەربارەی پێشێلکاری مافی منداڵەکان لە کوردستان لە راپرسییەکدا کە لە ژێر سەرپەرشتی کەسانی پسپۆر ئەنجامی داوە ٧٤٪ی بەشداربووان پێیان وایە پێشێلکاری دەکرێت و ٤٥٪ پێیان وایە بایەخ و گرنگی بەو منداڵانە نادرێت کە خاوەنی پێداویستی تایبەتین و کەمئەندامن، تەنیا ١١،٨١٪ پێیان وایە لەمبوارەدا هەنگاونراوەوکارکراوە، بەمجۆرە کاتێك بایەخ بەمبوارە نادرێت پێچەوانەی ئەو راسپاردانە دەکرێت کە لە بەیاننامەی ساڵی ١٩٦٩ی تایبەت بە مافەکانی منداڵی کەمئەندام دەرچووە، ئەم بەیاننامەیە بۆ ١٥٠ ملیۆن منداڵی کەمئەندامی جیهان ئامادەکراوە،کە ژمارەیان لە عێراق و کوردستان زۆرەو رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO رایگەیاندووە ١٠٪ ی عێراق بە کوردستانیشەوە کەمئەندامن.

بوونی سەنتەر بۆ راهێنان و چارەسەرکردن و زۆرجاریش بۆ بەخێوکردنی ئەو منداڵانەی نەخۆشی عەقڵیان هەیە، جگە لەوەی مافێکی سروشتی ئەو منداڵانەیە هاوکات کەمکردنەوەی بارگرانییەکە لەسەر شانی دایکان و باوکان.

## دوای تێپەڕبوونی ١٨ ساڵ دایکان بێ ئومێدن

یەکێك لەو لایەنانەی کە داکۆکی لە مافی منداڵانی کەمئەندام دەکات، ئەوانەی دووچاری نەخۆشی دەروونی و عەقڵی بوون و هەوڵی پاراستنی مافە مەعنەوییەکانیان دەدەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین، لەوانە کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی بیرکوڵان و کۆمەڵەی ئەسك بۆ منداڵانی ئۆتیزم، لەگەڵ چوونمان بۆ کۆمەڵەکەیان گوێبستی ئازارو مەینەتییەکانی دەیان دایك و باوك بووین کە پێیان وابوو کاری جیددی و باش لەمبوارەدا نەکراوە، لە سوچێکی ژوورەکەی کۆمەڵەی بیرکۆڵان کوڕێکی مەنغولی سەرنجی راکێشام و زۆر حەزی دەکرد وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بەشداری گفتوگۆکەبکات . دایکی ئەو منداڵە پێی گوتم لە بەڵێن و چاوەڕوانی زیاتر هیچمان نەدی ئەو منداڵەم پێش ١٨ ساڵ لەمەوبەر لە دایك بوو هەموو تەمەنی منداڵی رۆشتوو نەبووینە خاوەنی سەنتەرێکی پێشکەوتوو کە بتوانم رۆژی ٨ کاتژمێر منداڵەکەمی لێ دابنێم، ئەم قسانە کاریگەری تێکردم و نەمتوانی هیچ بەڵێنێکی حکومەتیان بۆ باس بکەم، چونکە لە راپەرینی ساڵ ١٩٩١ ەوە کە سەربەخۆ بووین تاکو ئەمڕۆ ١٨ ساڵ دەکات و هەموو ئومێدەکانی ئەو دایکە رۆیشت کە بۆ باشترکردنی گەشەی عەقڵی منداڵەکەی هەیبوو ..

**رەشاد محەمەد سەرۆکی کۆمەڵەی ئۆتیزم لە کوردستان دەڵێت:**
تەمەنی ئەم کۆمەڵەیەمان نوێ یە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەندامانمان رۆژانە لە زیادبووندایە، لەگەڵ یەکەم رۆژی دامەزرانی کۆمەڵەکەمان عەیادەیەکمان بۆ ئەو منداڵانە دامەزراند بۆ دیاریکردن و سەرپەرشتیکردنی نەخۆشییەکە، بەڵام منداڵانی ئۆتیزم بێ مووچەن گەرچی وەزیری تەندروستی رەزامەندی نیشان داوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەوەی ئەمجۆرە منداڵانە وەکو نەخۆشی (شەلەل دماغ ) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت،لە لایەکی ترەوە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنی پێداوین تاکو ٣١ی ئایاری ئەمساڵ سەنتەرێکمان بۆ بکاتەوە .

**سەرۆکی کۆمەڵەی ئۆتیزم** باسێکی مەینەتییەکانی ئەو خێزانانەی کرد کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە لە مەینەتییەکی رادەبەدەر ژیان بەسەر دەبەن، دایکی منداڵی ئۆتیزمان هەیە توانای ماددی نییە منداڵەکەی بهێنێ بۆ شار و پێداویستی بۆ دابین بکات، دەزگاکانی راگەیاندن و خێرخوازان و سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە خۆیان لەو ئەرکە پیرۆزە دوور خستۆتەوە .

**رەمزی یونس سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵەکانی کوردستان کە لەژێر فشارو پاڵەپەستۆی باوکان ودایکانی ٣٠٠٠ منداڵی بیرکوڵدایە لەمبارەیەوە پێی وایە** ژمارەی بیرکوڵەکانی کوردستان بۆ ٦٠٠٠ منداڵ بڕوات،لە چەند ساڵی رابردوو مووچەیان نەبوو تازە حکومەتێکی گەورە بڕی ٥٠ پەنجا هەزار دینار بۆ ئەوانە دەبڕێتەوە کە شەلەل دەماغیان هەیە، لەم حاڵەتەش دا ژمارەیەکی کەمیان سوود مەند دەبن،سەرۆکی کۆمەڵەکە پێی سەیرە لەکۆمەڵگای کوردی بەزەیی و هەستکردن بە پەرپرسیارێتی وای بەسەرهاتووە کەس ئاوڕێك لە بیرکوڵەکان نەداتەوە بۆ نموونە، دکتۆرێك نییە بە خێرخوازی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەمجۆرە منداڵانە، یاخود دەوڵەمەندێك نەبێت هاوکارییان بکات، تەنیا مووچەی ٥٠ پەنجا هەزاردیناریان بۆ نەخۆشەکانی شەلەل دەماغ بڕیوەتەوە کە لە کۆی ٣٠٠٠ ئەندام تەنیا ٣٠٠ ئەندام دەیگرێتەوە، نازانین چی بەو هەموو ئەندامەی تر بڵێین . زەویمان هەیە بۆ دروستکردنی سەنتەر و بارەگای کۆمەڵە کەچی کەس هاوکاریمان ناکات بۆ بنیاتنانی، لە لایەکی ترەوە جیاکاری لە نێوان کەمئەندامان هەیە لە سلێمانی کەمئەندام مووچەی هەیەو لێرە نییە، دوو ساڵە سەرقاڵی دەرکردنی یاسایەکن بۆ پاراستنی مافی کەمئەندامان تاکو ئێستا دەرنەچووە.



●●●

**سەرۆکی کۆمەڵەی بیرکوڵان : حکومەت و دەوڵەمەندەکان هیچیان پێشکەش بە منداڵانی نەخۆشی عەقڵ نەکردووە**

●●●



●●●

**رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO رایگەیاندووە ١٠٪ ی عێراق بە کوردستانیشەوە کەمئەندامن**

●●●

## دكتۆر رێزان حوسێن رەشوانی راهێنەرو شارەزا لەسەر منداڵانی ئۆتیزم:
## چارەسەركردن و راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم و مەنغۆلی و شەلەل دەماغ لە وڵاتی خۆمان دەكرێت، بە مەرجێك سەنتەری پێشكەوتوو بە توانامان هەبێت



دكتۆر رێزان حوسێن- لەماوەی ٦ ساڵ بەبەردەوام لەو وڵاتە لە سەنتەری خاوەن پێداویستی تایبەت سەرقاڵی مامەڵەكردن و راهێنانی ئەو منداڵانە بوومە كە دووچاری نەخۆشی ئۆتیزم بوون، سەبارەت بە باری دەروونی منداڵەكان و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو چارەسەركردن و مامەڵەكردن لەگەڵیاندا پێی وابوو : منداڵان و ئەوگەنجانەشی دووچاری نەخۆشییەكانی مێشك بوون یاخود ئۆتیزمیان هەیە بە پێداویستییە تایبەتییەكان ناو دەبرێن، گرنگترین هەنگاو بەرەو چارەسەركردنی زوو دەستنیشانكردنی ئەو منداڵانەیە كە ئەگەری تووشبوونی ئۆتیزمی لێدەكرێت هەر لە تەمەنی ٣ ساڵییەوە، لەو تەمەنە عیلاجی تایبەت و فێركردنی تایبەتیان بۆ ئامادەكرێت، تاوەكو ئەو منداڵە گەیشتە تەمەنی ٦ ساڵان وەكو منداڵێكی ئاسایی لە قوتابخانە بخوێنێت ،. ئۆتیزم نەخۆشی نییە تێكچوون و شێوانە لە كاركردنی مێشك بەكردنەوەی سەنتەرێكی تایبەت و بەرەو پێشبردنی كارەكانی سەرەتای رێگا دەبێت بەرەو باش كردنی بارودۆخی منداڵەكان، ئەوەی لەمبوارەدا تەنیا یارمەتی داوین وەزیری كارودابینكردنی كۆمەڵایەتی بووە، كە ئەركی دابینكردنی بینایەو كارمەندی بۆ سەنتەرەكە لە ئەستۆی وەزارەتەكە گرتووە.

●●●

**بەڕێوەبەری گشتی چاودێری كۆمەڵایەتی:**

**بەیاساكردنی پاراستنی مافی كەمئەندامان هەنگاوێكی گرنگە**

●●●

**لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی قەڵباڵغی خێزان و منداڵێكی زۆری ئەوانەی دووچاری شەلەل دەماغ بوون بەرچاوكەوت كاتێكیش سەردانی دكتۆر عارف حیتۆمان كرد پێی راگەیاندین:** ئێستاكە سەرقاڵی برینەوەی مووچەی ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار دینارین بۆ ئەوانەی بە رێژەی ١٠٠٪ دووچاری شەلەل دەماغ بوون، راستە ئەم برەپارەیە كەمە بەڵام وەكو هەنگاوێك كارێكی باشە، لە لایەكی تروە ئەوەی ئەو منداڵانەیان هەیەو دایك و باوكی فەرمانبەرە بۆ ٥ ساڵ مۆڵەتی بە مووچە بە یەكێكیان دەدەین و هەموو ٦مانگ جارێك لەو ماوەیەدا مۆڵەتەكەی بۆ تازەدەكەینەوە، ئەمەش بە بشت بەستن بە راپۆرتی بزیشكی . سەبارەت بە دەركردنی یاساش ئێستاكە پرۆژە یاسایەكمان هەیە بۆ پاراستن و باشتركردنی بەرژەوەندی كەمئەندامان، دوای دەرچوونی یاساكە هەموو كەمئەندامێك سوودمەند دەبێت لە ناوەرۆكی یاساكە، ئەم یاسایە بە راوێژكاری و شارەزایی و نوێنەرانی زۆر لە رێكخراوە پەیوەندارەكان ئامادەكراوەو دوو ساڵە سەرقاڵی ئەو كارەین، بۆیە یاساكە لە بواری پاراستنی مافی كەمئەندام پووخت و باشە .



●●●

**پێویستە بێ دانانی سەنتەری كۆمەڵایەتی و پزیشكی پرۆژە و كارئاسانی بۆ سەرمایەداران نەكرێت**

●●●

**بەگشتی لە بواری خزمەتكردنی كەمئەندامان دكتۆر عارف پێی وایە** گەر بەراورد بكرێت لەنێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتێكی پێشكەوتووی بیانی وەكو ئیسپانیا رەنگە ئەو بەراوردە دادپەروەرانە نەبێت، راستە ئەوان زۆر لە پێشەوەن بەڵام ئێمە لە رووی رێژەیی ساڵانەی كارەكانمان خێراتر گۆڕانكاری دەكەین، دواكەوتنیشمان لەو بوارەدا بۆ كۆمەڵێك فاكتەری شەڕو گەمارۆو ئەو زوڵمە دەگەڕێتەوە كە تاكو ئەمڕۆش لەسەر گەلی كوردە .

ئێمە لە كوردستان تەنیا ٤ پەیمانگامان هەیە كە خزمەتگوزاری پێشكەش دەكەن و خەرجییەكانیان لەسەر حكومەتە، ئەمە راستە كەمە بەڵام هەنگاوەكان بەردەوامە ئەوەتا لە هەولێر سەنتەرێكی ئۆتیزم دادەنێین.

لەكۆتایی گفتوگۆكەمان دكتۆر عارف پێشنیارێكی ئێمەی بەباش هەڵسەنگاند بەوەی پێویستە لەسەر مووچەو داهاتەكان لەم وڵاتەدا باجێك وەرگیرێت بۆ كەمئەندامان لەم رووەوە ئاماژەی بە ئەزموونی ئیسپانیا كرد ئەو منداڵ و كەسە كەمئەندامانەی ناوكۆمەڵگا پێویستیان بە هەموو ئاوڕدانەوەیەكە نەك تەنیا لە لایەن حكومەت بگرە لە لایەن سەرمایەداران و رۆژنامەنووس و هونەرمەندان وسەرجەم توێژەكانی ناو كۆمەڵگا ..

### خاتوو ئانا واكتمایستەر
### Anna Wachtmesiter كارا
### لە بواری كاروباری مرۆیی

# دامەزراندن و بەڕێوەبردنی سەنتەرەكانی منداڵانی كەمئەندام لە كوردستاندا لاوازە

خاتوو ئانا واكتمایستەر Anna Wachtmesiter كارا لە بواری كاروباری مرۆیی و رێكخەری مەیدانی لە رێكخراوی قەندیلی سویدی، ناوبراو بەرەگەز سویدیە و لە بواری پرۆژە مرۆییەكانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی ئینگلتەراو ڤەنزەویلاو كامیرۆن و میسر كاریكردووە، ئێستاكە سەرقاڵی دامەزرانی سەنتەرەكانی ئەو منداڵانەیە كە دووچاری ئۆتیزم بوون، ئانا سەبارەت بە بارودۆخی منداڵەكانی ئۆتیزم لە كوردستان پێی وایە لە بارودۆخێكی باش دا نین و پێویستییان بە خزمەت و ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە، لە گفتوگۆیەك دا كە چەند تەوەرەیەكی لە خۆگرتبوو بیروبۆچوونەكانی ئانا بەو ئاراستەیە دەڕوات :پێویستە حكومەتی هەرێم و كۆمەڵگای كوردستانی ئەو بیرۆكەیە بگۆڕن كە تەنیا چاودێرو سەرپەرشتیارییەكی كەمی منداڵانی ئۆتیزم و بیركۆڵ بكەن، بەڵكو هەوڵەكان چڕ بكرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە كەمئەندامانە بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو كۆمەڵگا و لە رێگای سەنتەرو قوتابخانە تایبەتییەكانەوە مافی ئەو منداڵانە پێشێل نەكرێن و بەهەرەو توانا كانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، من ئاگاداری ئەو راستییەم كە وا بارودۆخی منداڵی ئۆتیزم و بیركۆڵ باش نییە، تەنانەت كاردانەوەی خراپی لەسەر باری دەروونی دایك و باوك و خێزانەكانیشیان كردووە، منداڵانی نەخۆش و كەمئەندام لە زیادبوونێكی بەردەوامەو بێتان رانەگیراوە،لە كوردستان بیناو باڵەخانە زۆر بەرزدەبێتەوە، بەڵام بیناییەكانی سەنتەری پێشكەوتووی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان بە دەگمەن و سنووردار دەبینرێت، لەم وڵاتە بە ملیۆنەها دۆلار بۆ رازاندنەوەی شەقامەكان و بەرزكردنەوەی بینایەكان خەرج دەكرێت، كەچی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی سەنتەرەكانی منداڵانی كەمئەندام زۆر دواكەوتوون، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری كۆمەڵایەتی یارمەتی داوین بۆ كردنەوەی سەنتەرێكی ئۆتیزم كە لە دوومانگی داهاتوو دەكرێتەوە،وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی ئامانجی هەیە كاربكات، بەڵام ئەم ئامانجە دەبێت لە چوارچێوەی پلاندا بەرواری كاتی جێبەجێكردنی بۆ دابنرێت و رابگەیەنرێت.